# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

## حەوتەم راپۆرت: گرفتی نەبونی پزیشکی نیشتەجێی خولاو و نیشتەجێی دێرین

**نیسانی ٢٠١٨**

١/٥/٢٠١٨

# پێرست


| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |


## بەشی یەکەم: ناساندن

١. پێشەکی
٢.کارنامەی یەکەکە
٣.ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## ١.پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێك لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.
دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەك زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.
ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تارادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.
کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (٢٤) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئاڵەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەك هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێك لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.
بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبون و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشك لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.
هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.
هەروەك بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاك و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## ٢. کارنامەی یەکە

یەکەم: ناساندن
یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.
دوەم: ئامانجی یەکە
١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.
سێیەم: کارەکانی یەکە
١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.
٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.
٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.
٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.
٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵك و حکومەت.
چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە
١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.
٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتیبانەی کێشەکان.
٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەك و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوضەی گەرمیان

١. رادیۆی دەنگ:
رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەك گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM ٩٩.٩ پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێك چالاکی هونەریی).

٢. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدانو پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.
(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:
گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوك بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.
ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێك قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی:(کەلار و کفری و بەشێك لە قەزای خانەقین.)
لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوك کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێك لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوك.
بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوە بپارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێك لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دوەم :راپۆرت

- دەستپێک.
- ژمارەی  پزیشکی نیشتەجی خولاو و نیشتەجێی دێرین لە بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان.
- ئەو گرفتانەی لە نەبونی پزیشکی نیشتەجی خولاو و نیشتەجێی دێرین دروست بون لە نەخۆشخانە و مەڵبەندە  تەندروستیەکانی گەرمیان.
- کێشەی پزیشکانی نیشتەجی خولاو و نیشتەجێی دێرین.
- هۆکارەکانی نەهاتنی پزیشکی نیشتەجێی خولاو و دێرین بۆ گەرمیان چیە؟ لایەنە بەرپرسەکانی ئەم کێشەیە کێن؟.
- ئەو رێگایانە کامانەن کە دەتوانرێت گرفتەکانی نەبون و کەمی ژمارە  پزیشکی نیشتەجی خولاو و نیشتەجێی دێرین چارەسەر بکات.
- رای بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لەسەر پزیشکی نیشتەجی خولاو و نیشتەجێی دێرین کەمی ژمارەیان، و هەڵەکانی بەڕێوبەرایەتی بۆ زیادکردنی ئەو ژمارەی کە بۆ گەرمیان دیاری کراوە.
- راسپاردەکان

- **دەستپێک:**

له كاتێكدا گەرمیان وەک ئیدارەیەکی سەربەخۆ دیاری کراوە کەچی دەبینین بۆ ناردنی پزیشکانی نیشتەجێی خولاو(موقیم) نیشتەجێی دێرین (موقیم ئەقدەم) تەنانەت وەک ناحیەیەکیش حسابی بۆنەکراوە، ئەمە لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە نیو ملیۆن کەس دەبێت، بەم هۆیەشەوە بۆشایەکی زۆر لە کەرتی تەندروستی دروست بوە لە تەواوی قەزاو ناحیەکانی سەر بە تەندوستی گەرمیان، ئەمەش وایکردوە کە نەخۆش لەبری بینینی لە لەلایەن پزیشکانی نیشتەجێ دیرینەوە وە ناردنیان بۆ لای پزیشکانی پسپۆر لە نەخۆشخانەکان، ناچار نەخۆش لێرە دەچنە نۆرینگە و دەرمانخانەکان وە لەلایەن پەرستار و دەرمانسازەکان چارەسەردەکرێن، کە ئەمەش لە هیچ بنەمایەکی پزیشکی رێگەپێدراونیە یان نەخۆش راستەوخۆ پزیشکی پسپۆر دەیبینێت کە ئەمەش بۆتە هۆکاری پاڵپەستۆیەکی زۆر لەسەر ببینینی نەخۆش لە لایەن پزیشکانی پسپۆڕەوە.

لەم راپۆرتەدا تەواوی ئەو گرفتانەی بەهۆی نەبون کەمی ژمارەی پزیشکانی نیشتەجێی خولاو(موقیم)، پزیشکانی نیشتەجێی دێرین (موقیم ئەقدەم)، دروست بون وە هۆکارەکانی ئەم کێشەیە لەگەڵ چارەسەرەکانی بە رێگە یاسایەکان دەخەینە رو.

- **ژمارەی پزیشکی نیشتەجێی خولاو و نیشتەجێی دێرین لە بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان.**

بە پێی ئامارەکانی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان ژمارەی پزیشکانی نیشتەجێی خولاو(مقیم) و نیشتەجێی دێرین (مقیم ئەقدەم) لە سەرجەم نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان بەم شێوەیە:

| نەخۆشخانە +مەڵبەندی تەندروستی | ژمارەی پزیشکی نیشتەجێي خولاو | ژمارەی پزیشکی نیشتەجێی دێرین |
|---|---|---|
| نەخۆشخانەی گشتی کەلار | — | — |
| نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی | ٣ | — |
| نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب | — | ٢ |
| نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار | ٦ | ١ |

- **ئەو گرفتانەی لە نەبونی پزیشکی نیشتەجی خولاو و نیشتەجێی دێرین دروست بون لە نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان:**

نەبونی پزیشکی نیشتەجێی خولاو و نیشتەجێی دێرین لە نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان، ناوچەکەی روبەڕوی چەندین گرفت کردۆتەوە.

نەبونی پزیشکی نیشتەجی خولاو و نیشتەجێی دێرین لە نەخۆشخانەکان، بۆتە هۆکارێک بۆ باش خزمەت نەکردنی نەخۆشەکانی توشبو بە نەخۆشی قورس و تایبەت لە نەخۆشخانەکان، وە نەدانی

کاتی تەواو لە لایەن پزیشکانی پسپۆڕەوە بەو نەخۆشخانە، لە کاتێکدا پێویست دەکات پزیشکی پسپۆر کاتی زیاتریان بۆ دیاری بکات بۆ دۆزینەوەی نەخۆشیەکەی و هۆکارەکانی لە گەڵ چارەسەرکردنەکەی.

هەروەک لە ڕاپۆرتی ژمارەی یەکەمی یەکەکەدا د.حسێن نوری پزیشکی هەناوی لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، بەهەمان شێوە ئاماژەی بەمە کردبو کە یەکێک لە هۆکارەکانی نەدانی کاتی پێویست بە نەخۆشەکانیان لە نەخۆشخانەکە لەلایەن پزیشکانی پسپۆرەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبونی پزیشکی نیشتەجێی دێرین: " ئیمە وەک پزیشکی پسپۆر هەمو نەخۆشێک دەبینین، لەبەر نەبونی پزیشکی نیشتەجێی دێرین (موقیم ئەقدەم) ئەمەش هۆکاری ئەوەیە ناتوانین کات بۆ ئەو نەخۆشانە دابنێین کە پێویستن لەبەر ئەوەی ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر نەخۆش دیتە ئێرە کە هیچ پێویست ناکات ئێمە بیانبینین دەبێت پزیشکی نیشتەجێی دێرین بیانبینێت".

نەخۆشخانەی گشتی کەلار کە گەورەترین نەخۆشخانەی گەرمیانە بەهۆی نەبونی پزیشکی نیشتەجێی خولاو نیشتەجێی دێرینەوە تاکو ئێستا گرفتی نەبونی پزیشکی نیشتەجێی خولاو و دێرینی هەیە و نەتوانراوە ئەو گرفتە چارەسەر بکرێت.

ئەرکان محەمەد، بەڕیوەبەری کارگێری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، ئاماژە بەوەدەکات: "پزیشکی نیشتەجێی خولاو و نیشتەجێی دێرین ئەڵقەیەکی تەواو کەرن لەنێوان نەخۆش و پزیشکی پسپۆر بۆ ئەوەی نەخۆش بە جوانی و بە ڕێک و پێکی چارەسەری بۆ بکرێت بەڵام نەخۆشخانەی گشتی کەلار ئەو ئەڵقەیەی نیە".

وتیشی: "لەبەر ئەوەی نەخۆشخانەکە بەشەکانی زۆرن وە زۆربەی پسپۆریەکان لە گەرمیان تەنها لەم نەخۆشخانە هەیە، پزیشکە پسپۆریەکانمان لۆدێکی زۆریان لەسەر دروست بوە و نەیان توانیە حەقی تەواو بدەن بەنەخۆشەکان، وە کارەکەیان چەن بەرامبەر قورستر بوە چونکە هەمو نەخۆشێک دەبینن لەکاتێکدا دەبێت پزیشکی نیشتەجێی خولاو دێرین یەکمجار نەخۆش ببینن، ئەگەر پێویستی کرد دواتر بینێرنە لای پزیشکی پسپۆر بۆ ئەوەی پزیشکی پسپۆر بتوانیت کاتی

تەواو بدات بەو نەخۆشانەی کە پێویستن چونکە زۆر جار نەخۆشێک هیچ پێویست ناکات دکتۆری پسپۆڕ بیبینێت".

هەروەها ئاماژەی بەوەکرد هیچ پزیشکێکی نیشتەجێی دێرین لە نەخۆشخانەکەیان نیە: "لەم نەخۆشخانەیە هیچ پزیشکێکی نیشتەجێی دێرینمان نیە".

تاکە نەخۆشخانەکەی ژنان ومناڵبونی گەرمیان بەهامان شێوە نەبونی پزیشکانی خولاو دێرین تێیدا بوە بە سەرەکیترین کێشە بۆ نەخۆشخانەکە، لە کاتێکدا بەنوسراوی فەرمی و لەچەندین شوێن بەرپرسانی نەخۆشخانەکە ئەم کێشەیەیان باسکردوەو داوای هاوکاری چارەسەرکردنیان کردوە.

گۆران محەمەد، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانی شەهید شێرەی نەقیب، دەڵێت: "ئێستا تەنها (٢) پزیشکی نیشتەجێ خولاو (موقیم) لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب هەیە وە ئەم دو دانەیەش یەکیان دوگیانە ئەوەی دیکەشیان لەگەڵ جەماعەتی سلیمانی بایکۆتی کردوە کەواتە ئەتوانین بڵێن هەر نیمانە هەروەها مقیم دەوری لەمانگی یەکی (٢٠١٦) ەوە تاوەکو ئێستا نیمانە".

نەبونی پزیشکی نیشتەجێی دێرین و خولاو لە گەرمیان وایکردوە کارگوزارەکانی نەخۆشخانەکان ببنە هاوکاری پزیشکان هاوشانی کارمەندانی تەندروستی.

نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، بە هۆی نەبونی پزیشکانی خولاو دێرین روبەڕوی ئەم گرفتانە بونەتەوە جێگری بەرێوبەری نەخۆشخانەکە بەمشێوەیە باس لە دەرئەنجامەکانی نەبونی ئەم پزیشکانە دەکات: "ئەگەر حاڵەتێکی خەتەر هەبێت یان هەرشتێکبێت لێرە کارمەندی تەندروستی دەڕوا بەدەمی نەخۆشەکەوە، منداڵێک وەزعی تەواو نەبێت لەکاتی لەدایک بونی کارمەندی تەندروستی یاخود کارگوزارەکە سەکەری بۆدەکات یان هەرشتێکی دیکە لە کاتێکدا ئەمە ئیشی پزیشکی نیشتەجێی خولاو و دێرینە".

سەرباری ئەمەش جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە گیانی نەخۆشەکانیان لە پێش هەمو شتەکانەوە داناوەو بەردەوامن لە هاوکاری کردنی ئەو نەخۆشانەی کە رودەکەنە نەخۆشخانەکە: "لەم نەخۆشخانەیە بەردەوام و لەکاتی بایکۆتکردنەکەشدا حاڵەتی

گەرم و حاڵەتی زۆر خەتەرمان خستۆتە رێ، کە ئافرەتێک دێتە ئێرە نەزیفبوە (خوێن بەربون) ناکرێت بوەستین لەبەر نەبونی پزیشکی خولاو نیشتەجێی دێرین کارمەنی تەندروستی راستەوخۆ هاوکاری دەکات کە ئەمە ئێشی ئەو نیە، بەڵام لەبەر گیانی نەخۆشەکان ئەمە دەکەین".

ئاماژەی بەوەشکرد: "ئەگەر بمانەویت ئیشێکی جوان بکریت نەخۆش سودی تەواو ببینێت لە نەخۆشخانەکە، دەبێت کارمەندی تەندروستی و دکتۆری پسپۆڕ تەنها کاری خۆیان ئەنجام بدەن نەک کاری پزیشکی  نیشتەجێی خولاو دێرینیش، ئەمەش پێویستی بە سیستەمێکی تەندروستی باش و رێکوپێکە نەک بەم شێوەیەی ئێستا کە زۆر کەموکورتی هەیە و ئیشەکان بە نیوە دەچن بەڕێوە".

نەبونی پزیشکانی نیشتەجێ کاریگەری کردۆتە سەر بەشەکانی هێشتنەوەی نەخۆش لە نەخۆشخانەکان چونکە نەخۆش دوای مانەوەی پێویستی بە چاودێرییە، دەبێت پزیشکی نیشتەجێ خولاو و  دێرین وەک چاودێر سەردانی نەخۆشەکان بکەن بەڵام لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان ئەو ئەرکە کەوتۆتە سەر کارمەندانی تەندروستی.

بەڕیوەبەری ئیدارەی نەخۆشخانەی گشتی کەلار، ئەرکان محمەد، دەڵێت: "نەخۆشخانەکە پێویستیەکی زۆری بە پزیشکی نیشتەجێی خولاو نیشتەجێی دێرینە، چونکە بۆ بەشی داخلکردنی نەخۆش زۆر پێویستن کە چاودێری نەخۆشەکان بکەن، نەبونیشیان  دوبارە بۆ دکتۆرە پسپۆڕەکان کێشەیە چونکە پزیشکی نیشتەجێی دێرین خولاومان نیە بۆ چاودێری کردنی نەخۆشەکانیان دوای داخلکردن".

دەشڵێت: " نەخۆش داخل نەکرا ناچار دەبێت بچێتە نەخۆشخانە ئەهلیەکان یان دەچێتە نەخۆشخانەکانی سلێمانی".

هەروەها هۆکاری باش چاودێری نەکردنی نەخۆش  پاش نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەکان یەکێکیترە لە گرفتەکان کە بەهەمان هۆکاری نەبونی پزیشکی نیشتەجێکانەوە دروست بوە.

**گۆران محەمەد، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقێب، باس لەوە دەکات و دەڵێت: "کە نەخۆش پاش نەشتەرگەری دەبرێتە قاوش لەوێش تەنها کارمەندی تەندروستی هەیە چاودێریان دەکەن ئەمەش دوبارە ئیشی پزیشکانی نیشتەجێیە".**

- **کێشەی پزیشکانی نیشتەجی خولاو و نیشتەجێی دێرین لە گەرمیان.**

**کەمی ژمارەی پزیشکی نیشتەی خولاو (موقیم) لە نەخۆشخانەکان وایکردوە ئەرکی پزیشکانی دیکەی نیشتەی خولاو (موقیم) قورس ببێت و کاتی دەوامیان زیاتر ببێت و باجی ئەم ژمارە کەمیەبدەن.**

**هێمن محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالد گەرمیانی لە قەزای کفری دەڵێت: "نەخۆشخانەکەی ئێمە (٣)پزیشکی نیشتەجی خولاو (موقیم) هەیە لە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکە ئەمەش وای کردوە کە لە مانگێکدا (١٠) ڕۆژ (٢٤) کاتژمێر بمێننەوە لە کاتێکدا لە هیچ شوێنێک پزیشکی نیشتەجێ خولاو بەم قورسیە دەوام ناکات بۆیە هەندێکجار کارمەندە تەندروستیەکانمان هاوکاریان کردون".**

**ئاماژەی بەوەشکرد: "ئەمە لە کاتێکدایە پزیشکی نیشتەجێ خولاو لە سلێمانی هەندێکجار لە مانگێکدا یەک ڕۆژ داوام دەکات: "پزیشکی موقیم هەیە لە سلێمانی خۆی دەڵێت لە مانگێکدا یەک جار دەوام دەکات و نۆرەیدێت، بەڵام کاتێک دەڵێین ئێمە موقیمان پێویستە نایەن بۆ گەرمیان داوامانکردوە وەک میلاک دابنرێن بۆ گەرمیان بەڵام پزیشکەکانی نیشتەجێ خولاو(موقیم) مانیانگرت و وتیان نایەینەوە بۆ دەوام ئەگەر وابێت، داوایانکرد نقڵ بکرێنەوە بۆ سەر بەڕێوبەرایەتی تەندروستی سلێمانی کاتێک نقڵکرانەوە دوبارە وتیان ئێمە هەر نایەینەوە"**

هەندێک لە پزیشکانی خولاو کێشەکانیان دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی لە گەرمیان تەنها یەک بەشیان بۆ دانراوە کە تێیدا نەخۆش ببینن ئەمەش بە زەرەری خۆیان و نەخۆشەکانیش دەبینن.

د. راوێژ تەها، پزیشکی نیشتەجێی خولاو (موقیم) لە گەرمیان دەڵێت: "نابێت پزیشک لە دوساڵی یەکەم تەنها لە یەک شوێن دەوام بکات چونکە دەبێت ئێمە هەمو بەشەکان ببینین لەبەر ئەوەی لە زانکۆ تەنها باباتەکانمان بە نەزەری (تیۆری) خوێندوە ناکرێت بێ سەپەرشتیار ئێمە نەخۆش ببینین ئەمە هەم بۆ نەخۆش هەم بۆئێمەش نە گونجاوە".

یەکێک لەو کێشانەی کە پزیشکانی خولاو و دێرینی لە بەشی فریاکەوتن بێزار کردوە سەردانی کردنی هەمو جۆرێکی نەخۆشێکە بۆ بەشی فریاکەوتن ئەمە لە کاتێکدا نەخۆشخانەی فریاکەوتن و بەشی فریاکەوتن واتە تایبەتە بە حاڵەتەکانی کتوپڕ هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ناهۆشیاری خەڵک هەروەها بەدەر لەم هۆیەش نەبونی مەڵبەندی (٢٤) کاتژمێرییە لە ناوچەکە، هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بە ناچاری روبکەنە نەخۆشخانەی فریاکەوتن.

د. رەوەند رەفیق، پزیشکی نیشتەجێی دێرین لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، جەختی لەوە کردەوە کە نا هۆشیاری تەندروستی خەڵک زۆر بێزاری کردون: "هۆشیاری تەندروستی خەڵک لێرە زۆر خراپە دەبینین فریاکەوتن حاڵەتە کتو پڕەکان ئەگرێتەوە، کەچی بۆ هەمو حاڵەتێک نەخۆشەکان رودەکەنە ئێرە بۆنمونە نەخۆش هەیە دێتە ئێرە دە رۆژ یان مانگێک دەبێت کە نەخۆشە یان توشی پەتا دەبن دێنە ئێرە نازانن ئێرە شوێنی ئەوە نیە ناهەقیشیان نیە چون هۆشیار نەکراونەتەوە کاتێک عیلاجێکیشی بۆ ئەنوسین گلەیی دەکات".

یەکێکی دیکە لەو کێشانەی روبەڕوی پزیشکانی خولاو و دێرین دەبێتەوە لە بەشەکانی فریاکەوتن بونی ژمارەیەکی زۆر هاوەڵی نەخۆشە کە دەبنە رێگر بۆ پزیشکەکان لە کاتی چارەسەرکردن، لەگەڵ ئەمەشدا دەبنە هۆکاری دروست بونی دەنگە دەنگی زۆر و قەرەباڵەغیەکی زۆر لەناو هۆڵی فریاکەوتن.

پزیشکی نیشتەجێی دێرین لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، د.رەوەند رەفیق، سەبارەت بە ژمارەی زۆری هاوەڵی نەخۆشەکان وتی: "هاوەڵی نەخۆشەکان لێرە تەواو پزیشکانی بێزار کردوە هەندێک جار لە دەکەس زیاتر دێنە ژورەوە لەگەڵ نەخۆش هەمویان دەوری نەخۆشەکە ئەدەن دکتۆرەکە ناتوانێت بچێتە سەری دوایش گلەیی لە دکتۆرەکان ئەکەن، لەبەشی پرسگەش زۆر جار ڕێگریان لێناکرێت لەبەر ناسراوی یان خزم بێت یان ئەوەتا خۆیان بەزۆر داوادەکەن و دێنە ژورەوە".

بۆ چارەسەرکردنیشی ئاماژەی بۆ ئەوەکرد: "راگەیاندنی ناوچەکە دەبێت رۆڵی خۆیان هەبێت لە هۆشیار کردنەوەی هاوڵاتیان".

سەرباری ئەمانەش لەبەر نەبونی پزیشکی نیشتەجێی دێرین لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن پزیشکانی نیشتەجێی خولاو بەتەلەفۆن زانیاری لە دکتۆرە پسپۆرەکان وەردەگرن لە حاڵەتە کتوپڕەکان.

د.رەوەند رەفیق پزیشکی نیشتەجێی دێرین دەربارەی ئەمە دەڵێت: "یەکەمجار پزیشکی نیشتەجێیٚ خولاو نەخۆش ئەبینێت، پاشان پزیشکی نیشتەجێی دێرین بەڵام لێرە چونکە پزیشکی نیشتەجێی دێرینمان نیە ناچار بەتەلەفۆن پرس بە دکتۆری پسپۆر دەکەن".

## • هۆکارەکانی نەهاتنی پزیشکی نیشتەجێی خولاو و دێرین بۆ گەرمیان چیە؟ لایەنە بەرپرسەکانی ئەم کێشەیە کێن؟

بە پێی لێدوانی پزیشکانی نیشتەجێی خولاو و دێرین لەگەڵ بەڕێوبەرانی نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستیەکان هۆکاری نەهاتنی پزیشکانی نیشتەجێی دێرین و خولاو بۆ گەرمیان پەیوەست دەکەن بە چەند هۆکارێکەوە.

د. رەوەند رەفیق، پزیشکی نیشتەجێی دێرین لە نەخۆشخانەی شەهید هەژار، باس لە هۆکارەکانی نەهاتنی پزیشکی نیشتەجێی خولاو و دێرین دەکات و یەکێک لە هۆکارەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ

مەترسیەکانی ڕێگای هاتوچۆی نێوان کەلار- سلیمانی و نەبونی دەرماڵەی تایبەت بەو پزیشکانەی کە دێنە ئێرە: "یەکێک لە هۆکارەکان دوری ڕێگاکە و مەترسیەکانی ڕێگاکەیە، تاوەکو شوێنێک لە ماڵی خۆتەوە نزیک بێت کەس حەزناکات دورکەوێتەوە، پاشان نەبونی موچە بە گوێرەی پێویست، نەبونی دەرماڵەی تایبەت بۆ ئەو پزیشکانەی دێنە ئێرە".

هۆکارێکی دیکەی نەهاتنی پزیشکانی نیشتەجێی خولاو و نیشتەجێ دێرین دەگەڕێنێتەوە بۆ تێنەگەشتی هاوڵاتیانی ئێرە لە ئیشی پزیشک و دەڵێت: "خەڵک لێرە بە عام هۆشیاری تەندروستیان کەمە، زۆر جار بەوهۆیەوە روبەڕوی کێشەو بوینەتەوە یان پزیشک دەدەنە دادگا وادەزانن خەتای پزیشکە کە نەخۆش توشی حاڵەتی نەخوازراوبێت یان بەهەر هۆیەکی کە لە توانای پزیشکان دەردەچێت، ئەمەش پزیشکان بێتاقەت ئەکات دێنە شوێنێکی دور خەڵکەکەش لێرە بەوشێوە هەڵسوکەوت دەکەن قەدری ماندوبون و دڵسۆزی دکتۆرەکە نازانن".

نەبونی پزیشکی نیشتەجێی (دێرین) و پزیشکی پسپۆر بەهۆکارێکی دیکە دادەنێت بۆ نەهاتنی پزیشکانی نیشتەجێی خولاو (موقیم).دەڵێت: "پزیشکی نیشتەجێی خولاو پاش شەش ساڵ لە خوێندن کە دێنە ئێرە سەرپەرشتیاریان نیە چونکە پزیشکی نیشتەجێی دێرینمان نیە وە ژمارەی پزیشکانی پسپۆریش کەمن بەم هۆیەش ئەو ناتوانێت حەقی تەواو بدات بەنەخۆشەکە لەبەر ئەوەی پزیشکی بەدەرلەوەی زانستە ئەزمونیشە".

ئاماژەی بەوەشکرد: "ئەگەر پزیشکی نیشتەجێی خولاو لە سلێمانی بێت شارەزایەکی باشتری دەبێت لە هەمو بەشەکان چونکە ژمارەی نەخۆشخانەکانی زۆرترەو زۆربەی بەشەکان نەخۆشخانەی تایبەت بەخۆی هەیە، وەک نەخۆشخانەی منالان، هەناوی،چاو، سوتاوی.... هتد لەبەر ئەمە پزیشکی نیشتەجێی خولاو لەوێ ئەزمونێکی باش پەیدا دەکات هەر مانگەو لە نەخۆشخانەیەکیان بێت چونکە هەمو حاڵەتە کوتوپڕەکان دەبرێنە ئەو نەخۆشخانانە بەڵام لێرە هەموی تێکەڵە".

نەبونی دەرفەتی خوێندنی پزیشکی لە گەرمیان وایکردوە پزیشکانی نیشتەجێی دێرین نەتوانن بێنە گەرمیان.

د.رەوەند رەفیق سەبارەت بەمە دەڵێت: "پزیشکی نیشتەجێی دێرین ماوەی ساڵێک لە بەشێکی تایبەت دەمێنتەوە لە ژێر چاودێری پزیشکی پسپۆر، دواتر کە دەرفەتی خوێند دەکرێتەوە بۆی لە گەرمیان ئەم دەرفەتە نیە، چونکە لێرە هیچ سەنتەرێکی خوێندنی پزیشکی لێنیە تەنها لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی هەیە و ئەمەش وادەکات خوێندکار ناتوانێت لێرە بمێنیتەوە".

بە پێی لێدوانی بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالد گەرمیانی لە کفری، هێمن محەمەد رۆستەم، هۆکاری نەهاتنی پزیشکانی نیشتەجێ خولاو و دێرین بۆ گەرمیان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان دەیانەوێت بچنەوە سەنتەری شارەکان بۆ ئەوەی لە پاڵ دامەزراندنیان لە شوێنە ئەهلیاکان و کۆمپانیاکان کاری دیکە بکەن، بە هیچ شێوەیەک ژیانی نەخۆش لای ئەوان گرنگ نیە.

هۆکاری لێنەپرسینەوەو نەبونی هەلیکار بۆ پزیشکان لە گەرمیان بە هۆکارێکی دیکەی نەهاتنی پزیشکانی خولاو دادەنرێت لە گەرمیان

هێمن محەمەد رۆستەم، ئاماژەی بەوەکرد ئەو پزیشکانەی کە نایەنە گەرمیان لەبەر ئەوەیە کاریان پێش ئیشی پزیشکی خستوە: "کێشەی نە بونی پزیشکی نیشتەجی خولاو و نیشتەجێی دێرین لە نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان لە بەر ئەوەی هیچ لێپرسینەوەیەکیان لەگەڵ ناکرێت، بە کەیفی خۆیان بایکۆت دەکەن لەسەر شتێک کە لە راستیدا هیچ وانیەو تەنها بیانو گرتنە".

دەربارەی شوێنی نیشتەجێبونیشیان وتی: "شوێنی نیشتەجێبونی باشیان هەیە لێرە لەناو نەخۆشخانەو دەرەوەی نەخۆشخانەش ئەوەی کە دەڵێت شوینمان باشنیە لێرە ئەوە لە سلێمانی لە شوقەیەکی پانزە مەتریشبێت کێشەی نیە بەڵام بۆ گەرمیان دەیکات بە کێشە".

سەبارەت بەوەی کە دەڵێن ئەزمونی زیاتر وەرناگرین و فێرنابین هێمن محەمەد، وتی: "کەسێک بە شەش ساڵ خوێندن فێری علم نەبو گومانی تیانیە قەت فێرنابیت، بۆیە کەسێک خۆی لە خەمی علمەکەی بێت لە لادێیەکیش دەتوانێت باشترین شت فێربێت بە ئۆنلاینیش هەموشتێک هەیە بۆیە ئەمانە تەنها بیانون بۆ دەوام نەکردنیان لە گەرمیان".

دەشڵێت: "هەمو کێشەکەش لە دەسەڵاتی حکومەت و وەزارەتی تەندروستیە".

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانەش دەتوانرێت بە چەند شێوەیەک هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت لە سەروی هەموشیانەوە پەیڕەوکردنی یاساکانی وەزارەتی تەندروستی خۆیەتی.

د.رەوەد رەفیق، بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشانەش باسیلەوەکرد: "حەقی خۆیەتی ئەوانەی دێنە ئێرە جیاوازی بکرێت لە پێدانی دەرماڵە وە شوێنی نیشتەجێبونی شیاوی بۆ دابینبکرێت، خولی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە، ئاسانکاریان بۆ بکرێت لە ئیشوکارەکان".

ئەرکان محمەد، بەڕیوەبەری کارگێری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، هۆکاری ئەمە دەخاتە ئەستۆی خودی وەزیری تەندروستی و دەڵێت: " تاوەکو وەزیری تەندروستی لە کوردستان دکتۆر بێت دۆخی تەندروستی خراپتر ئەبێت باش نابێت چونکە هەمیشە پشتی پزیشکان دەگرێت و بە تەکلیف پۆستەکانیان بەڕێوەدەبەن نەک بە یاسا لایەنی یەکەم لە کێشەی نەبونی پزیشکانی نیشتەجێی دێرین و خولاوە لە گەرمیان".

## • ئەو رێگایانە کامانەن کە دەتوانرێت گرفتەکانی نەبون و کەمی ژمارە پزیشکی نیشتەجی خولاو و نیشتەجێی دێرین چارەسەر بکات.

زۆر رێگا هەیە کە بەرپرسانی تەندروستی و وەزارەت دەتوانن بەو رێگایانە کێشەی نەهاتنی پزیشک بۆ قەزاو ناحیەکانی گەرمیان چارەسەر بکەن گرنگترینیان پەیڕەوکردنی یاساکانی تەندروستی خۆیەتی لە دابەشکردنی میلاکات.

بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالد گەرمیانی لە کفری، هێمن محەمەد رۆستەم، دەڵێت: " ئەگەر بە پێی یاسا پزیشکی نیشتەجی خولاو و نیشتەجێی دێرین دابەشبکرێت بەشی ئیدارەی گەرمیان بەم شێوەیەی ئێستا نەئەبو"

وتیشی: " ئێمە داوای (٦) پزیشکی نیشتەجێ خولاومان کردوە بەڵام (٣) پزیشکیان بۆ ناردین ئەمەش لە دەسەڵاتی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی نیە بەڵکو لە دەسەڵاتی وەزیر و وەزارەتی تەندروستیە".

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: کە وەزارەت بە پێی رێنمایەکانی خۆشی کارناکات: "وەزارەتی تەندروستی بە پێی میزاجی خۆیان پزیشک ئەنێرن بۆ ئێمە نەک رێنمایەکان".

وتیشی: "بەدەر لەوەی کە وەزارەت دەبێت بەشی تەواوی گەرمیان بە پێی حەقی خۆی دابین بکات، چارەسەرێکی دیکە ئەوەیە کە ئەوەی ناوی لیرە دێتەوە لە گەرمیان نایەت دەوامبکات فەسڵکرێت یان بۆشوێنە دورەکانی دیکەش نارۆن کە نەرۆشتن راستەوخۆ دەربکرێن و فەسڵ کرێن چونکە دیارە خەمی نەخۆشیان نیە، ئەمە لە هیچ وڵاتێکدا نیە کە بڵێت کارمەند زوبر دەبێت ئەگەر ئەمری بەسەربکرێت دڵیابن یەک موقیم فەسڵ بکرێت ئیتر کەس نیە بڵێت دەوام ناکەم یان شتێک، لە نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی (٣٥) رۆژ موقیمم غیاب داوە فەسڵ نەکراوە بۆیە هیچ یاسایەک لێرە پەیرەو ناکرێت".

ئەرکان محمەد، بەڕیوەبەری کارگێری نەخۆشخانەی گشتی کەلار،دەڵێت: "نەبونی ئەم پزیشکانە فەراغێکی زۆری دروست کردوە لە نەخۆشخانەکە ئەگەر وەزارەت بەو شێوەی یاسایی وە بەحەقی تەواوی گەرمیان پزیشک دابین بکات بۆ گەرمیان ئەوە دەتوانین خزمەتگوزاریەکان زۆر باشتر بکەین لە نەخۆشخانەکە لەگەڵ ئەمانەشدا ئێمە رۆژانە ئیشەکانی خۆمان بە رێکی بەڕێدەکەین".

یەکێک لە هۆکارەکانی دیکە واستەکردن و نەبونی بەڵێن نامەیە تاوەکو پزیشک ناچار بکرێت بڕواتە ئەوشوێنانەی کە پێویستن و دەنێردرێن.

گۆران محەمەد، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، دەڵێت: "دەبێت پزیشک لە کاتی دامەزراندنیدا بەڵێنامەیەکی پێ بڕبکرێتەوە  کە پابەندبێت بەو شوێنانەی کە وەزارەت بۆیان دیاریدەکات، تاوەکو چەند پێویستیان دەبێت."

- **رای بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لەسەر پزیشکی نیشتەجی خولاو و نیشتەجێی دێرین کەمی ژمارەیان هەڵەکانی بەڕێوبەرایەتی بۆ زیادکرندی ئەو ژمارەی کە بۆ گەرمیان دیاری کراوە.**

زۆرینەی ئەو رەخنانەی لە شێوازی دابینکردنی پزیشکی نیشتەجێی خولاو و نیشتەجێی دێرین دەگیرێت دەخرێتەوە سەر وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم.

د.سیروان محمد بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان سەبارەت بەو شێوازی ناردنی پزیشکانی نیشتەجێی خولاو بۆ گەرمیان دەڵێت: "ناردن و دابینکردنی پزیشکی موقیم لە دەسەڵاتی وەزارەتی تەدروستیە وەزارەتیش حەقی تەواو نادات بە گەرمیان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان و نەخۆشخانەکان".

وتیشی: "لە سەرەتای هەمو ساڵێکدا وەزارەت کۆبونەوەی تایبەت دەکات بۆ ئەمساڵ مانگی یەک کۆبونەوەکە کرا پێیانم راگەیاندوە کە پێویستی پزیشکی نیشتەجێی خولاو بۆ گەرمیان بە پێی ژمارەی دانیشتوان و بە پێی نەخۆشخانەکان،وە بە پێی داتاکان بۆ ئەمساڵ بەشی گەرمیان (٢٣) پزیشکی نیشتەجێی خولاو(موقیم) بو،وە ئەمەم بۆ وەزیرو دەستەی کۆبونەوەکە رونکردەوە کە ئەمە پێداویستی ئێمەیە دەبێت دابینکرێت، بەڵام وەزارەتی تەندروستی تەنها (١٢)پزیشکی نیشتەجێی خولاو(موقیم)ی نارد بۆ گەرمیان، بڕیاری وەزیر بۆ ناردنی ئەو پزیشکانە بەو شێوەیە نەبو کە ئێمە پێویستمان بو".

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان باسلەوەدەکات بەدەر لە وەزارەت بەڕێوبەرایەتی تەندروستی سلێمانی بڕیاریداوە شەش مانگ جارێک دو پزیشکی نیشتەجێی خولاو بنێرێتە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیبی تایبەت بە ژنان و منداڵبون: "بۆ ئەمساڵ دو پزیشکی نیشتەجێی دێرین نێردراوە بۆ نەخۆشخانەکە لە لایەن بەڕێوبەرایەتی تەندروستی سلێمانیەوە وە

بڕیاریشیانداوە شەش مانگ جارێک دو پزیشکی نیشتەجێی دێرین بنێرن بۆ نەخۆشخانەکە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نەبونی ئەو پزیشکانە".

دەشڵێت: "بەڵام ئێمە پێویستمان بە پزیشکی نیشتەجێی منالان، هەناویی لەگەڵ شکاویی بەشەکانی دیکەشە بەڵام ئەم چوار بەشە گرنگن کە هەبن، داواشمانکردوە چەندجارێک لە وەزارەت بەڵام هەر نەنێردراوە".

وتیشی: "سالأنە لێرە ئەم بەشانەمانکردۆتەوە نەشتەرگەری گشتی هەناوی منالان ژنان و منالان هەر پزیشکێک بیەوێت ببێت بە پزیشکی دێرین هەرکاتێک بێت ئێمە وەریدەگرین، بەڵام لەبەر ئەوەی گەرمیان دورە ناوچەکەی تازە لە گەشەکردندایە لەبەر ئەمە پزیشک دەچنە شارە گەورەکان نەک ئێرە".

سەبارەت بە کێشەکانی پزیشکانی نیشتەجێی خولاو لە گەرمیان نەبونی پزیشکی نیشتەجێی دێرین وەک سەرپەرشتیاریان لە نەخۆشخانەکان بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان وتی: "پزیشکی نیشتەجێی خولاو راستە بەشێک لە کارەکەی پێویستی بە سەرپەرشتیارە بەڵام بەشێکی گەورەی کارەکەی سەبەخۆ جێبەجێی دەکات، چونکە لە بەرنامەی کاریان لە بەشەکانی فریاکەوتن ئەمە هەیە دواتر شەش ساڵ خوێندویانە و دەورەشیان پێکراوەتەوە لە نەخۆشخانەکان راهێنانیان پێکراوە لە بەشە جیاجیاکانی منالأن و ژنان و هەناوی لەگەڵ شکاوی و نەشتەرگەری ئەمانەیان هەموی بینیوە بۆیە ئەمە بیانویەکی بەهێز نیە بۆ ئەوەی کارنەکەن و بڵێن پێویستمان بە پزیشکی نیشتەجێی دێرینە" .

دەربارەی پزیشکانی نیشتەجێ خولاو کە پێشوتر بایکۆتیان کردبو لە دەوامکردنیان لە تەندروستی گەرمیان د. سیروان محەمەد ئاماژەی بەوەکرد ئەوان پشتگیری تەواوی داواکاریەکانیان کردوە: "ئەوانەی بایکۆتیان کردبو لەسەر حەق و مافی تەواوی خۆیان بو ئێمە پشتگیریان دەکەین".

لە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی پزیشکانی نیشتەجێی خولاو لەمانگێکدا (١٠) ڕۆژ (٢٤) کاتژمێر دەمێننەوە.

لەم بارەیەوە بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان دەڵێت: "لەبەر ئەوەی هیچمان لەبەردەست نیە نەمانتوانیە هیچ شتێکیان بۆ بکەین چ هاندان یان پاداشت".

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان

- پێویستە ئیدارەی ناوچەکە رۆڵی خۆیان هەبێت بۆ دابینکردنی پزیشکی خولاو و دێرین بۆ نەخۆشخانەکانی گەرمیان چونکە گەرمیان وەک ئیدارەی ناسراوە بەڵام لەوەزارەتی تەندروستی بەو شێوە مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت.
- لەبەر ئەوەی پزیشکی نیشتەجی خولاو و نیشتەجێی دێرین بە پێی پێویستی ناوچەکەو ژمارەی دانیشتوانەکەی دیاری نەکراوە نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان کەرتی تەندروستی ناوچەکەی روبەڕوی چەندین گرفت کردۆتەوە پێویستە وەزارەتی تەندروستی پێشێلی یاساکانی خۆی نەکات حەقی تەواوی ناوچەی گەرمیان وەک خۆی بدات.
- لەبەر نەبونی پزیشکی نیشتەجێی دێرین (موقیم ئەقدەم) رۆژانە ژمارەیەکی زۆر نەخۆش رودەکەنە نەخۆشخانەکان بەمەش پزیشکانی پسپۆر ناتوانن حەقی تەواو بدەن بە نەخۆشە پێویستەکان، بۆ چارەسەرکردنی ئەمەش هەوڵبدرێت بۆ کردنەوەی بەشی ڕاوێژکاری خێرا لە نەخۆشخانەکان و پزیشکی نیشتەجێی دێرینیان بۆ دابینبکرێت.

- کردنەوەی خولی تایبەت بە پزیشکانی نیشتەجێی خولاو و دێرین بەسەرپەرشتی کەسانی پسپۆر تاوەکو زیاتر بتوانن بەشێوەیەکی باش پەرە بە کارەکەیان بدەن.

- پێدانی دەرماڵەیەکی تایبەت بە پزیشکانی نیشتەجێی خولاو دێرین کە دێنە گەرمیان بۆ ئەوەی حەقی ئەوەیان بۆ بکرێتەوە کە لە شوێنی خۆیان دادەبڕێن و ماوەیەکی دورئەبڕن بۆ خزمەتکردنی نەخۆشی شوێنە دورەکان.

- گرنگە لە بەشە پزیشکیەکان سەرەتا خوێندکاران فۆرمی تایبەت پڕبکەنەوە بۆ ئەوەی تێبگەن لە داهاتو کارەکەیان بۆ دەرەوەی شارو شوێنە دورەکانە نەک تەنها سەنتەری شارەکان، وە سەرجەمیشیان بێ جیاوازی بنێردرێنە دەرەوەی شار نەک کۆمەڵێکیان تەنها لە ناوشاربن کۆمەڵێک بنێردرێنە دەروەی شارەکان.


- ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:

ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە.
زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە.
رێناس ساڵح، دۆسیەی تەندروستی.
**بۆپەیوەندی:**
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠ _ ٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦
Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org